# ئەگەر سەحەر ودینا کچی بەرپرسە کان بونایە هەمان هەڵوێست دەبوو؟؟

قادر نادر




سحر الکردی
قاهیره

چیرۆکی دۆزینەوەی 2 کچی ئەنفالی کورد زۆربەمانی هەژاند  بۆ ئەوانەی تائێستاش جیاوازیەک لەنێوان کەرامەتی کەسێتی و نیشتمانی ناکەن . ئاپۆ تا بیری سەربەخۆیی لە هزری دەخولایەوە وتەیەکی جوانی هەبوو کە دەیوتهەر قسەیەکی ناشیرن  بەهەر یەکێک بڵێ ی ئامادەیە بەهەموو شێوەیەک بەرەنگارت ببێتەوە ، بەلام هەر ئەو کەسە پێی بڵێی  بێ وڵات ونیشتمان لای زۆر ئاسایە!!؟؟

.

ڕۆژانە لەکۆمەڵگای ئێمە بە ناوی مەسەلەی ناموس پەرستی،  کچان و ژنانمان خەڵتانی خوێن دەکرێت ، کە رەنگ بێت زۆرینەیان عشقەکەیان  لە ئاستی شیرن و فەرهاد بێت .  کەچی هەر لە م نیشتمانەی ئێمە دا  زۆر سوکایەتی نیشتمانیمان پێکرا کەلوتکەکەی ئەنفال وهەلەبجەو بارزانیەکان وکوردی فەیلی... بوو،  بەڵام زۆرێک لەخەڵک و ڕۆشنبیران ویژدانی نیشتمانی و مرۆڤایەتیان بۆ ناجوڵێت !!؟ ڕاستە  مامەڵەی پارتی ویەکێتی  لەتەمەنی سیاسی دەسەڵاتیاندا بەئەندازەی داگیرکەران کەسێتی کوردیان تێک شکاند  بە زەلیل کردنی تاکی کورد بەرامبەر دەسەلات و ئابلۆقەی ئابوری بەسەریا ئەگەر لەفەرمودەکانی سەرۆک و پارت دەربچێت.

.

بەلام کەی دەبێت بوار بدەین لە سەرەتای هەزاری سێیەم و  کچانی ئەم نیشتمانە وەک کۆیلە هەرزان فرۆش بکرێن لەنێوان ئەو وڵاتانەی بەناوی ئیسلامەوە باس لەدادپەروریتی دەکەن؟؟  وە کچانی 10 سالەی وەک سەحەر و دینا  بۆ دەوڵەمەندانی خەلیج و فەرعۆنەکان  دەکەنە تێر کردنی حەزو ئارەزوە سێکسیەکانیان ، ئاخر ئەم تەمەنە هی ئەوەیە  یاری  بوکی بۆ بکرێ نەوەک منداڵی پێ دروست بکەیت!!!

. کاتێک وڵاتی دیموکراسی  باس لەدیموکراسی و مافی مرۆڤ دەکات  کەڕێزی تاکی بگرێت  ، هەر بۆیە دەبینین لەوڵاتە دیموکراسیەکان  کاتێک  تیرۆریستەکان هاولاتیەکی ئەوڕپی دەگرن سەرجەم گەل و حکومەت لە گەل خەم وئازارەکانیان دەژین تا ڕزگاریان نەکەن ناوەستن، تەنانەت زۆر جار ڕێک کەوتوە حکومەت ئامادەبوە لەپێناوی ڕزگاری تاکەکەی سیاسەتی دەرەوەی ولاتەکەی بگۆڕێت .

لەولاتێکی وەک سوید  ئەگەر هەر تاکێکیان زیندانی  بکرێت ئەگەر  تاوانیشی  کردبێت لەکوشتن ، قاچاخچی ، دزی ... ئەم ولاتە ئەرکێتی  بەدوای دابچێت و بیهێنێتە بۆ  زیندانەکانی خۆیان  ، کاک حەمە دۆستانی هاوڕێم کە 25 ساڵ  زیاترە لەولاتی بەفرو ساردی دەژیت وتی لە80کانی سەدەی ڕابردو ژنێکی سویدی  پیاوێکی ئەمریکی کوشتبوو کەچی تا نەیان هێنایەوە  وازیان  نەهێنا .

.

کاتێک 2ڕۆژی یەکەم لەکارەساتی تسۆنامی حکومەتی سوید بەهۆی ئەوەی چەپەکان بالا دەستن وەک سیمای گستی چەپایەتی زۆر کۆبونەوەیان کردبوو کەچۆن و بەچ ڕێگایەک بیان هێنەوە . بۆیە میدیای سویدی ڕۆژی دۆزەخی بەحکومەت نیشاندا کە هەر ئەوکات چاودێرانی سیاسی پێیان وابوو کە بەرەی چەپ لەهەلبژاردنی داهاتوو نایباتەوە.
کەچی لەم نیشتمانەی ئێمەدا بەسەدان کچانی چاوگەشی کورد وەک هەزاران سال لەمەوبەر بە کۆیلە لە نیشتمانی عەرەبی فرۆشراون وئەو پەری سوکایەتی ڕۆژهەلاتیانەیان پێ کراوە وهەر شەوەی دراونەتە جەلادێکی عەرەب تا ئارەزوە سێکسیەکانی خۆیانی پێ تێر کردوە، کەچی حکومەتێک بەروبومی شەهیدانە ئەوەندەی خەمی ڤۆدگای روسی و قات و پانتۆلی ئاوریشمی خۆیانە ، خەمی سەحەرەکان لە 5مانگی ڕابردودا ویژدانی نیشتمانی و مرۆڤایەتی نەجولاندن . پرسیارەک لێرەدا خۆی دروست دەکات تۆ بلێ ی ئەگەر ئەم کچە ئەنفالانەی فرۆشراون وە لەولاتە عەرەبیەکان بلاو بونەتەوە ، ئەگەر کچی بەرپرسە پلەیەکەکان بونایە هەمان هەلوێستی بێ دەنگی خۆی بنواندبایە؟؟؟ .
سەرلەنوێ لە ئاشکرابونی چیرۆکی سەحەرو دینا ئەوەی نیشاندا ئەم دەزگا سیاسی و بەرپرسانەی ئێمە دابڕاون لەکەرامەتی نەتەوایەتی و خەمەکانی ئەوان زۆر دورە لە هێنانەوەی ئێسک و پروسکی مندالانی کورد لە بیابانەکانی عروبەدا ،حەجاجەکان دوژمنیان نین ، داهاتە دزراوەکانی ئەم گەلە بۆمندالانی ئەنفال و هەلەبجە خەرج ناکرێت ، بەلکو هەر بۆ کۆمەلێک بەرپرسی چاچنۆکە ، سەحەرەکانیش هەردەبێت جەستەی جوانەکانی خۆیان بە هنکەهنکە بێ ئارەزوەکانی خۆیان بۆ چەند جونەیهێکی میسری ببێتە میوانی گەوادەکانی میسڕی .ئاخر خۆزیا سەحەرو دیناکان کچی بەرپرسەکان ببونایە ؟؟
سەحەر لە گفتۆگۆکەیدا دەلێت قە لاَم بەبیر دێت کاتێ پۆلی یەک ودوو بوم بە چواردەوری دەخولامەوە ، سەحەر گیان هەمان قە لا ماوە بەلام بەئاستی قەلاَ بەرپرسەکانمان کەرامەتی نەتەوایەتیان بونی نەماوە ، ئەگەرنا چۆن بواردەدەن تۆی 18 ساڵ پر لەتاوان بەردەوام بیت کەرامەتی کەسێتی خۆت ڕۆژانە هەراج بکەیت لەشەرمە شێخ .
دلنیابن سەحەرەکان هەر ئەم شەو بۆ ئازارەکانی ئێوە بەهەزاران فرمێسک تنۆک تنۆک لەدوای یەکا ڕیز بەند بونە ، ڕق و بێزاریەکانشمان لەو بەرپرسانە کوردانە بەرز بۆتەوە کە بەجل و زمانی کوردی خۆیان دەناسێنن ، ئاخر ئەوان کەس بۆیان نیە نەک ڕەگەزە مێ یەکانیان سوکایەتیەکی پێ بکرێت بەلکو کەس بشزانێت ناوی ژن وکچەکانیشیان چیە !!؟؟.
ئێمە لەداهاتی سالانە ی چەندین ملیار دۆلارەی خەلک بەرپرسەکانمان شایلۆکانە(1) مامەلە لەگەل مەسەلەی تاوانە کۆمەلکوژیەکانمان دەکەن ، ئەگەرنا بۆچ چەند ڕێکخراوەکی ئەمریکی بۆ دۆزینەوەی چەند گۆرەکی بەکۆمەل 7 ملیۆن دۆلار تەرخان دەکەن (2) کەچی بەرپرسانی کورد دلیان نایێت بەپارەی خۆمان 7000 هەزار دۆلار بۆهێنانەوەی 2کچی کورد تەرخان بکەن ئاخر ئەمە پارەی یەک کاتژمێری یادە حزبیەکانیانە.

---

http://www.yndk.com/m267/m267-2-3.pdf

& شایلۆک کەسێکی زۆر ڕیۆل پەرستە لەچیرۆکی ئۆلیڤەر کەوابزانم لەنوسینی شکسپیرە.

گۆرە بەکۆمەلەکانی نەینەوا 1، 2 ناسراوە وە لەدادگایی سەدام وەک بەلگەیەک نیشان درا.